ماڵەوە (/http://diyako.yageyziman.com)
سەبارەت (http://diyako.yageyziman.com
/%d8%b3%db%95%d8%a8%d8%a7
(/%d8%b1%db%95%d8%aa-2
ڕێنووس (http://diyako.yageyziman.com
/%da%95%db%8e%d9%86%d9%88
(/%d9%88%d8%b3
ڕێزمان (http://diyako.yageyziman.com
/%da%95%db%8e%d8%b2%d9%85
(/%d8%a7%d9%86
خاڵبەندی (http://diyako.yageyziman.com
/%d8%ae%d8%a7%da%b5%d8%a8
(/%db%95%d9%86%d8%af%db%8c
زاراوەسازی (http://diyako.yageyziman.com
/%d8%b2%d8%a7%d8%b1%d8%a7
%d9%88%db%95%d8%b3%d8%a7
(/%d8%b2%db%8c
وەرگێران (http://diyako.yageyziman.com
/%d9%88%db%95%d8%b1%da%af
(/%db%8e%da%95%d8%a7%d9%86
هۆنراوە (http://diyako.yageyziman.com
/%d9%87%db%86%d9%86%d8%b1
(/%d8%a7%d9%88%db%95
وشەنامە (http://diyako.yageyziman.com
/%d9%88%d8%b4%db%95%d9%86
(/%d8%a7%d9%85%db%95
ناوی کوردی (http://diyako.yageyziman.com
/%d9%86%d8%a7%d9%88%db%8c-
%da%a9%d9%88%d8%b1%d8%af
(/%db%8c
جۆربەجۆر (http://diyako.yageyziman.com
/%d8%ac%db%86%d8%b1%d8%a8
(/%db%95%d8%ac%db%86%d8%b1
تاقیکاری (http://diyako.yageyziman.com
/%d8%aa%d8%a7%d9%82%db%8c
(/%da%a9%d8%a7%d8%b1%db%8c
Glossary (http://diyako.yageyziman.com
/glossary/)

(/http://diyako.yageyziman.com)

ئامادەکردنی: دیاکۆ هاشمی

2016-04-27

# ڕێنووسی زمانی کوردی

## Kurdish orthography

1. پێشەکی
2. ئەلفبێ
3. بزوێنەکان
4. یاسای بزوێن و دۆخە ئاوارتەکان
5. بزرۆکە
6. ئەلفبێی لاتینی
7. کێشەی پیتەکان
8. هەمزە
9. کێشەی (ر، ڕ)
10. کێشەی (ک، ك)
11. کێشەی تێکەڵکردنی (هـ، ە)
12. (و، وو)
13. (ی، یی)
14. (یە)
15. (و)ی پێوەندی
16. (ی)ی پێوەندی
17. پیتی ت لە کۆتاییی فرماندا
18. جێناوی لکاوی (ی، یان)
19. جێناوی نیشانەی (ئەم، ئەو ...)
20. دوودەنگە
21. وشەی لێکدراو
22. وشەی داڕێژراو
23. فرمانی لێکدراو
24. فرمانی داڕێژراو
25. پرێپۆزیشن
26. کێشەی پێ، تێ، لێ
27. کێشەی (لە)

28. کێشەی (بێ) و (بەبێ)
29. کێشەی ئامرازی (تر) و وشەی (تر)
30. ئاوەڵکار
31. وشەی بیانی
32. خاڵبەندی
33. تەختەکلیلی کوردی
34. ژێدەرەکان

١. پێشەکی

رێنووس واته "یاسا و رێسای چۆنێتیی نووسینی وشە و فرمانی زمانێک له دۆخی جۆربەجۆری وەک تاک، لێکدراو، داڕێژراو و گەردانکراودا. رێنووس هەروەها باس لەوە دەکات کە پێوەندیی وشەنووسراوەکان لەگەڵ "ئامرازەکان"دا چۆنن، چۆن لەگەڵ "گیرەک"دا هەڵسوکەوت دەکرێت". بۆ نموونە کام لەمانە ڕاستن؟

- کەرکووک یان کەرکوک؟
- بێ کەس یان بێکەس؟
- نان دەکات یان ناندەکات؟
- تەختەکلیل یان تەختە کلیل؟
- دەستی لێ دا یان دەستی لێدا یان دەستیلێدا؟
- بەردەقارەمان یان بەردە قارەمان؟
- نیە یان نی‌یە یان نی یە یان نییە؟
- جێ بە جێ یان جێبەجێ؟

لەم وتارەدا، هەوڵ دەدرێت بەگوێرەی بڕیارەکانی "ئەکادیمیای کوردی" و، بە لەبەرچاوگرتنی زانستی کۆمپیوتەر و، بە بەراوردکاری لەگەڵ زمانە زیندووە ئەورووپییەکاندا، کۆمەڵێ یاسا و رێسا ڕوون کرێنەوە، تا لە رێنووسێکی بێهەڵە نزیکتر بینەوە.

لەم ڤیدیۆیە کە لە یوتووب دامان ناوە دەتوانن سەردێری پتر لە ٤٠ هەڵەی رێنووسی (https://www.youtube.com/watch?v=8WB0ur32F1o/) چاو لێ بکەن.

***

٢. ئەلفبێ

دروستترە لە باتیی (ئەلف بێ یان ئەلف و بێ یان ئەلفوبێ) تەنیا (ئەلفبێ) بەکار بهێنرێت چونکە ئەو وشەیە وشەیەکی لێکدراوە، وشەی لێکدراویش لە پلەی یەکەمدا دەبێت بەبێ یارمەتیی هیچ گیرەکێک چێ بکرێت، ئەگەر ئەوە نەکرا ئەو کاتە لە هەندێ ئامراز و گیرەکی وەک (...و...) کەڵک وەردەگیرێت.

پیتەکان و دەنگەکان:

پیتەکان: پیتەکانی ئەلفبێی زمانی کوردی (٣٤) پیتن و بەم شێوەیەی خوارەوە ڕیز دەکرێن:

ئـ ـ ا ـ ب ـ پ ـ ت ـ ج ـ چ ـ ح ـ خ ـ د ـ ر ـ ڕ ـ ز ـ ژ ـ س ـ ش ـ ع ـ غ ـ ف ـ ڤ ـ ق ـ ک ـ گ ـ ل ـ ڵ ـ م ـ ن ـ هـ ـ ە ـ و ـ ۆ ـ وو ـ ی ـ ێ.

دەنگەکان:

زمانی کوردی (٣٧) دەنگی هەیە، بۆ دوو دەنگی بزوێن و نەبزوێنی (u و w) یەک پیتی (و) دانراوە: وانە wane، کورد Kurd.

بۆ دوو دەنگی بزوێن و نەبزوێنی (î و y)یش یەک پیتی (ی) دانراوە: میر mîr، سی sî، مەی mey، یار yar.

واتە پیتی (و) و پیتی (ی) هەم ئەرکی بزوێن و هەمیش ئەرکی نەبزوێن دەگێڕن.

دەنگی فرەکورتی (i)ش کە پێی دەوترێت "بزرۆکە" هیچ پیتێکی بۆ دانەنراوە. بردن birdin

کە وا بێت بۆ (٥) دەنگی (w, u, y, î, i) تەنیا (٢) پیتی (و، ی) لەبەر چاو گیراوە، هەر بۆیە دەڵێن ژمارەی دەنگەکان (٣٧)ن و ژمارەی پیتەکان (٣٤)ن. لە زۆربەی زمانەکانی دنیادا ژمارەی دەنگەکان و پیتەکانی ئەلفبێ وەکوو یەک نین، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا.

ئەلفبێی زمانی کوردی بە ڤیدیۆ (https://www.youtube.com/watch?v=ns-_JQxKCbg)

***

٣. بزوێنەکان

بزوێن بەو دەنگانە دەوترێن کە لە کاتی بێژە و گۆکردندا، دەم و زار تۆزێ زیاتر دەکرێنەوە و زیاتر دەکێشرێن. بزوێنەکان جووڵە و بزواندن دەخەنە ناو وشەوە.

بزوێنەکان لەڕاستیدا (٨) دەنگن، بەڵام لە ئەلفبێدا تەنها (٧) دەنگیان پیتیان بۆ دانراوە و دەنووسرێن و بریتین لە:

(ا ـ ە ـ و ـ ۆ ـ وو ـ ی ـ ێ).

یاسا: (لە هەر وشەیەکی کوردیدا لانی کەم یەک بزوێن بەکار دەهێنرێت):

(ناو naw) ـ (کورد Kurd) ـ (کۆمار komar) ـ (سوور sûr) ـ (بەرد berd) ـ (کوردی kurdî) ـ (سێ sê) ـ (زانستپەروەران zanistperwer).

***

***

٤. یاسای بزوێن و دۆخە ئاوارتەکان

لە وشەی سەربەخۆی فەرهەنگیدا دوو بزوێن بەدوای یەکتردا نانووسرێن، بەڵام جاری وایە کاتێک کە پاشگرێک یان وشەیەکی تر بێتە پاڵ وشەی پێشەوە، ڕەنگە ئەو یاسایە تێک بچێت، وەک:

- مردوو + ە = مردووە
- نووستـوو + ە = نووستـووە
- ڕۆیشتـوو + ان = ڕۆیشتـووان
- هاتـوو + ان = هاتـووان

بەڵام لەو جۆرە دۆخانە بەو لاوە، لە وشەی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکتردا نانووسرێن.

بزوێن لە سەرەتا یان دووەم پیت

لە ئەلفبێی ئارامیدا بزوێن لە سەرەتای وشەدا نانووسرێت، بەڵام بە ئەلفبێی کوردی لاتینی لە سەرەتای وشەدا دەنووسرێت وەک: awat, oxey, êsta,

هەر ئەوانە بە ئارامی وا دەنووسرێن: ئاوات، ئۆخەی، ئێستا. واتە لە باتیی ئەوەی بە بزوێن بنووسرێن هەمیشە پیتی "ئـ" دەکەوێتە پێشیانەوە بۆ ئەوەی بزوێنەکان نەکەونە سەرەتای وشەوە.

بەڵام ئەگەر یەکەم پیت نەبزوێن بوو، زۆر جار دووەم پیت هەمیشە بزوێنە، جاری وایە بزوێنەکە وەک دووەم پیت دەبینرێت، بۆ نموونە: بار، بەرد، شیر، سێو، کۆمەڵ، سووتمان. جاری واشە وەک بزوێنی فرەکورت "بزرۆکە"یە و دیار نییە، نموونە:

کسپە kispe، خشۆک xişok.

دۆخی ئاوارتە دوو نەبزوێن لە سەرەتاوە:

لە هەندێک وشەی تایبەتیدا یەکەم پیت و دووەم پیت و تەنانەت سێیەم پیتیش هەر نەبزوێنن، ئەویش لەبەر شێوەی دەربڕینی وشەکانە، بۆ نموونە وشەی stran کە بە واتای گۆرانییە وا بێژە دەکرێت "ستران"، نەک ئستران، نەک ئێستران، بەڵکوو وەک وتمان "ستران". واتە ئەگەر چاوی لێ بکەن لە سەرەتای ئەو وشەیەدا سێ نەبزوێن پێکەوە هاتوون بێ ئەوەی پێویست بە بزوێن بکات، "ستر".

نموونەی تر وشەی Stockholm ە کە بە سویدی پێی دەوترێت "ستۆکهۆڵم، نەک ئستۆکهۆڵم، هەر کاتێک بمانەوێت ئەو ناوە بە کوردی بنووسین هەر دەبێت بنووسین: "ستۆکهۆڵم"، لەوێشدا دەبینن کە لە سەرەتای وشەکەدا دوو نەبزوێن "ست " هاتوون.

٥. بزرۆکە (i)

هەندێک وشەی کوردی هەن کە لە ڕواڵەتدا بزوێنیان تێدا نابینرێت، نموونە: (بردن، من، ژن، چل، مردن، بزن، خستن)، بەڵام لەڕاستیدا دەنگی بزوێنیان تێدایە. ئەو بزوێنە لە ئەلفبێی کوردیی لاتینیدا بە پیتی (i) دیاری کراوە، بەڵام لە ئەلفبێی عەرەبیدا هیچ پیتێکی بۆ دانەنراوە، لەم ئەلفبێیەدا دیار نییە و بزر بووە، بۆیە ناوی نراوە: (بزرۆکە). ئەگینا لەڕاستیدا بزوێنی فرەکورتە، نموونە:

(بردن birdin)، (من min)، (ژن jin)، (چل çil)، (مردن mirdin)، (بزن bizin) و (خستن xistin).

وشەی "مشک" لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا بە دوو شێوازی (mişk) و (mişik) بێژە دەکرێت، بەڵام لە ئەلفبێی عەرەبیدا هەر بە یەک شێواز دەنووسرێت: "مشک".

کەوا بێت (٨)ەمین دەنگی بزوێنی کوردی بە ئەلفبێی ناوەندی نانووسرێت و، "بزرۆکە"یە. (i).

جاری وایە پیتی "ئـ" لە سەرەتای وشەدا لە باتیی بزوێنی فرەکورتی بزرۆکە i دەنووسرێت:

ئسفەهان Isfehan، ئنجا inca، ئشق işq.

لەم ڤیدیۆیەدا دەتوانن چاو لە ئەلفبێی کوردی بکەن:

ئەلفبێی کوردی (https://www.youtube.com/watch?v=ns-_JQxKCbg)

***

٦. ئەلفبێی کوردی بە لاتینی

کوردیی کرمانجی بۆ نووسیندا کەڵک لەم ئەلفبێیە وەردەگرێت:

A – B – C – Ç – D – E – Ê – F – G – H – I – Î – J – K – L – M – N – O – P – Q – R – S – Ş – T – U – Û – V – W – X – Y – Z

بزوێنەکانی بریتین لە (٨) دەنگ و هەر هەشتەکەیان دەنووسرێنەوە:

(A – E – Ê – I – Î – O – U – Û)

(ع، غ، ڕ، ڵ):

لەو ئەلفبێیەدا بۆ دەنگەکانی (ع، غ، ڕ، ڵ) پیتێک دیاری نەکراوە، هەڵبەت لە سیستەمی یونیکۆددا دەکرێت بۆ ئەو دەنگانە جۆرێک پیت هەڵبژێردرێت بەڵام زیادکردنی پیتی تر بەو ئەلفبێیە زۆر بە گونجاو نازانرێت مەگەر لە ڕووی ناچاریدا بێت. تەنانەت لە زمانە ئەورووپییەکانی تریشدا بۆ هەندێک دەنگ کەڵک لە دووپاتکردنەوەی پیتێک وەردەگرن بێ ئەوەی پیتی تر چێ بکەن. جارێ لە کوردیشدا دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە کێشەکە چارەسەر بکرێت:

ع ‘: مەعرووف Me‘rûf

ڕ rr: پەڕۆ perro (پێویست ناکات لە سەرەتای وشەدا rr بنووسرێت، هەر r بنووسرێت بەسە: ڕێگا = rêga)

ڵ ll: کاڵەک kallek (بۆ سەرەتای وشە پێویست ناکات.)

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەلفبێی کوردیی لاتینی تکایە چاو لەم ڤیدیۆیە بکەن:
ئەلفبێی کوردیی لاتینی (https://www.youtube.com/watch?v=1xS1erHuY2s)

***

۷. کێشەی پیتەکان:

هەندێ کەس لە کاتی بەکارهێنانی پیتە کوردییەکاندا تووشی هەڵەی ڕێنووسی دەبن، لێرە ڕوونیان دەکەینەوە:

***

۸. هەمزە (ئـ)

هەمزە، لە زمانی عەرەبی و فارسیدا، لە چەند شوێنێکی جۆربەجۆردا بەکار دەچێت، وەکوو: (أ آ إ لأ لإ ؤ ء ئـ)، بەڵام لە زمانی کوردیدا تەنیا شێوازی (ئـ) بەکار دەهێنرێت، ئەویش بە مەبەستی ئەوەی نەهێڵێت دوو بزوێن بەدوای یەکتردا بنووسرێن. کە وا بێت ناتوانین بڵێین کە هەمزە لە زمانی کوردیدا وەک فارسی و عەرەبی بەکار دەهێنرێت. هەمزە لە زمانی کوردیدا هەمیشە لەگەڵ بزوێنێکدا دێت:

ئـا، ئـە، ئـو، ئـۆ، ئـوو، ئـی، ئـێ.

لەڕاستیشدا ئەو کاتانەی کە لە هەندێ وشەی وەک "ئـنجا" و "ئـسفەهان"یشدا کە دەبینرێن هەر پێویستی بە بزوێن هەیە بەڵام لەو کاتانەدا بزرۆکە هەیە و بزرۆکەش نانووسرێت ئەگینا لەو شوێنانەشدا دیسانەوە لەگەڵ بزوێندا دێت. لەبەر ئەوە ئەگەر بمانەوێت بە کوردی ناوێکی بۆ دابنێین دەکرێت بڵێین کە "ئاوەڵبزوێن" ناوێکی گونجاوە بۆی.

هەندێک لە زمانزانان هەمزە بە بزوێن دادەنێن و لای هەندێکیش بە نەبزوێن دەناسرێت، بەڵام لەڕاستیدا کورد، هەمزەی بە شێوازی (ئـ) بەکار هێناوە و بڕیاری داوە وەکوو (نەبزوێن)ێک چاوی لێ بکات، بۆ ئەوەی نەهێڵێت دوو بزوێن بەدوای یەکتردا بێن، یان هەندێک بزوێن لە سەرەتای وشەدا بنووسرێن، نموونە:

- نـاازاد = نـائـازاد
- او = ئـاو
- ەو = ئـەو
- ۆخەی = ئـۆخەی
- ورووپا = ئـورووپا
- ێجگار = ئـێجگار

قرتاندنی (ئـ)

کورد هەر لە کۆنەوە تا بۆی کرابێت هەمزەی تەنیا لە کاتی پێویستدا بەکار هێناوە ئەگینا قرتاندوویەتی، بۆ نموونە لە کۆنەوە وای کردووە:

- ترش + ئاو = ترشاو (نەک: ترشئاو)
- کوڵ + ئاو = کوڵاو (نەک: کوڵئاو)
- بار + ئاش = باراش (نەک: بارئاش).
- گۆلک + ئاو = گۆلکاو (نەک: گۆلکئاو).

کە وا بێت دەتوانین ئەوە بکەینە بنەما بۆ وشەی لێکدراو یان داڕێژراوی نوێش و هەر بەو پێیە گوێ بکەین.
واتە هەندێک جار ڕوو دەدات کە وشەیەک وا بە پیتێکی نەبزوێن کۆتاییی پێ هاتووە، وەکوو "و" لە (شەو şew)دا، لەگەڵ وشەیەک کە بە (ئـ) دەستی پێ کردووە، وەکوو (ئـاهەنگ aheng)، پێکەوە کۆ دەبنەوە و وشەیەکی نوێ پێک دەهێنن کە واتایەکی نوێتری هەیە وەکوو:
شەو + ئـاهەنگ = شەوئـاهەنگ. لێرەدا پێویست ناکات (ئـ) بمێنێتەوە و دەتوانین بیقرتێنین، چونکوو پیتی پێش هەمزەکە بزوێن نییە تا کێشە بێت، هەر بۆیە باشترە بنووسین: (شەواهەنگ).
هەروەها:

- کارئـاسانی دەبێتە: کاراسانی.
- ماڵـئاوایی = ماڵاوایی.
- بانـئـەفشار = بانـەفشار (ناوی گەڕەکێکە لە شاری قەسری شیرین لە پارێزگای کرماشان).
- کارئـەندامزانی = کارەندامزانی (physiology).
- تووڵـئامراز = تووڵامراز (toolbar). (تووڵ، شیش = bar)، (ئامراز، کەرەستە = tool).

هەروەها ئەمانە بەبێ (ئـ) وا دەنووسرێن:
کەمەندام، چاوەسمەر، چاوەستێرە، گوڵەندام، گوڵەستێرە، شێرەندام، خاکەناز، ڕۆژاوا، خۆراوا.

تاقیکاری لەسەر هەمزە (http://diyako.yageyziman.com/2016/03/28/%D8%AA%D8%A7%D9%82%DB%8C%DA%A9%D8%A7%D8%B1%DB%8C-%D9%84%DB%95-%D9%87%DB%95%D9%85%D8%B2%DB%95-2/)

***

٩. کێشەی (ڕ) و (ر)

"ڕ" دەنگێکی گڕە کە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییی وشەدا دێت:

ڕاز، هەڕا، مەڕ.

تێبینی: نابێت (ڕ)ی گڕ لەگەڵ (ر)ی سادەدا تێکەڵ بکرێت.

یاسا: هەموو دەنگێکی (ڕ) لە سەرەتای وشەدا گڕە و دەبێت بە (ڕ)ی گڕ بنووسرێت، نەک بە (ر)ی سادە.

(ڕ) و (ر) لە ڕووی ڕێزمانییەوە دوو فۆنیمی جیاوازی زمانی کوردین و لە ڕووی تەکنیکیشەوە لەسەر تەختەکلیلی کوردیی کۆمپیوتەریشدا دوو دوگمەی جیاوازیان بۆ دانراوە و لە سیستەمی یونیکۆدی (نووسە character) جیهانییەکانیشدا دوو ژمارەکۆدی جیاوازیان بۆ دانراوە. هەر بۆیە زۆر گرنگە ئەو پیتانە تێکەڵ نەکرێن چ لە سەرەتا و چ لە ناوەڕاست و چ لە کۆتاییی وشەشدا دەبێت وەک خۆی بنووسرێن:

سەرەتا: ڕاست، ڕێگا، ڕۆخ

ناوەڕاست: پەڕۆ، هەڕا، فـڕاندن

کۆتایی: شەڕ، کەڕ، کوڕ

١٠. (ک) یان (ك)؟

لە تەختەکلیلی ستانداردی یونیکۆدی کوردیدا هەوڵ دراوە لە باتیی (ك) کەڵک لە (ک) وەربگیرێت بۆ ئەوەی یەک جۆرە پیتمان بەرانبەر بە (k) هەبێت. چونکە لە سەرەتا و لە ناوەڕاستی وشەدا بەرانبەر بە (k) هەر (ک) دەنووسرێت کە وا بێت لە کۆتاییی وشەشدا هەر هەمان کار دەکەین. وەک:

چاک، پاک، خاک (نەک: چاك، پاك، خاك)

بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە کێشەی (ک) تکایە چاو لەم بابەتە (http://diyako.yageyziman.com/2016/03/20/973/) بکەن.


***

١١. کێشەی تێکەڵکردنی (هـ ـهـ H) و (ە، ـە E)

لەبەر ئەوەی کە لە زمانی فارسی و عەرەبیدا (هـ ـهـ ـە، ە) بەرانبەر بە (H)ی لاتینی دادەنرێت، هەندێ کورد لە کاتی نووسین بە کۆمپیوتەردا تووشی هەڵە دەبن و بزوێنی (ە)ی کوردی لەگەڵ ئەوانەدا تێکەڵ دەکەن و وەک یەک چاوی لێ دەکەن. ئەمە کێشەیەکی گەورەیە بۆ زمانی کوردی.

لە ئەلفبێی دیجیتالیی کوردیدا (هـ ـهـ H) جیاوازیی هەیە لەگەڵ (ە، ـە E) و بە یەک دوگمە نانووسرێن.

تکایە لە نووسینی کوردیدا ئەو دوو پیتە تێکەڵ مەکەن، وا بینووسن:




(http://diyako.yageyziman.com/wp-content/uploads/2016/03/keshey-h.jpg)

***

بۆ نووسینی (هـ)

ئەگەر پەنجە بنێی بە دوگمەی H بە شێوەی (ە) دەر دەچێت، بۆ ئەوەی بە شێوەی (هـ) بنووسرێت ئاوا بکە:

(M) + (Shift) + (H) = هـ

***

.

١٢. کێشەی (و) و (وو)

(وو û) دەنگێکی بزوێنە و هەرگیز نابێت لە سەرەتای وشەدا بنووسرێت. زۆر هەڵەیە بنووسی:

(ووشە ûşe، وورچ ûrç، وون ûs ووس ،ûn و هتد)،

بەڵکوو دەبێت بە (و W)ی نەبزوێن بنووسرێت، چونکوو دوای ئەو پیتە، بزرۆکە هەیە، کەوا بێت دوو بزوێن پێکەوە نانووسرێن و دەبێت وا بنووسرێن:

(وشە wişe، ورچ wirç، ون win، وس wis و هتد).

بەڵام لە ناوەڕاست و کۆتاییدا دەنووسرێت: (سوور sûr)، (نوور nûr)، (چوو çû)، (توو tû).

زۆر کەس بە هەڵە دەنووسن: "کەرکوک، مەحمود، حوکومەت و هتد". کە ڕاستییەکەی ئاوایە: کەرکووک، مەحموود، حوکوومەت و هتد".

١٣. کێشەی بزوێنی درێژی (î)

(یی î) دەنگێکی درێژە و بەداخەوە لە ئەلفبێی عەرەبیدا هیچ پیتێکی جیاوازی بۆ دانەنراوە. هەندێ لە نووسەران بۆ بزوێنی (î) هەموو کاتێک کەڵکیان لە (یی) وەردەگرت، تەنانەت لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەشدا و، دەیاننووسی:

(تیير tîr)، (سيير sîr)، (چییمەن çîmen)، (کوردیی kurdî)، (سیی sî)، (سلێمانیی Silêmanî)، (کفریی Kifrî) بەڵام چونکوو ناشیرین بوو، لە ناو نووسەر و خوێنەری کورددا جێی نەگرت و بەناچاری هەر یەک (ی) بۆی بەکار هێنرا: (تیر tîr)، (سیر sîr)، (چیمەن çîmen)، (کوردی kurdî)، (سی sî)، (سلێمانی Silêmanî)، (کفری Kifrî).

بڕیار:

ئەگەر وشەیەک بە بزوێنی درێژی "ی î" کۆتاییی هات و پێش ئەو پیتەش نەبزوێن بوو دەبێت هەر بە "ی" بنووسرێت:

کوردی (نەک کوردیی)، هەولێری (نەک هەولێریی)، شیرینـی (نەک شیرینــیی)

بەڵام ئەگەر وشەیەک بە بزوێنی درێژی (ی î) کۆتاییی بێت و پێش ئەو پیتەش دەنگێکی بزوێنی تر بێت ئەوە دەبێت ئەمیان بە (یی yî) بنووسین:

(ڕەشایی reşayî)، (بەرایی berayî)، (دوایی diwayî)، (کۆتایی kotayî)، (پانایی panayî)، (شێنەیی şêneyî)، (سنەیی Sineyî)، (هەڵەبجەیی Hellebceyî)، (ڕانیەیی Ranyeyî)، (ورمێیی Wirmêyî) و (شنۆیی şinoyî).

***

١٤. کێشەی (یە)

جاری وایە وشەکەی پێش (ە) بە پیتێکی بزوێن (ا ـ و ـ ۆ ـ وو ـ ە ـ ی ـ ێ)، کۆتاییی هاتووە، وەکوو: (مامۆستا)، ئەو کاتە ئیتر لە جیاتیی (ە) دەنووسین (یە): (مامۆستایە mamosta ye).

تێبینی: کاری (یە)ش هەر وەکوو (ە) دەبێت بلکێنرێت بە وشەکەی پێشیەوە: (مامۆستایە)، نەک (مامۆستا یە). تەنانەت ئەگەر وشەکە بە (یی)ش کۆتاییی هات هەر پێکەوە دەنووسێنرێت: هەروەها:

(سپییە)، نەک (سپیە، سپی‌یە، سپی یە).

(چییە)، نەک (چیە، چی‌یە، چی یە).

(نییە)، نەک (نیە، نی‌یە، نی یە).

(کوردییە)، نەک (کوردی‌یە، کوردی یە).

(سنەییە) نەک (سنەیی یە، سنەییە).

Sineyîye

***

١٥. کێشەی (و)ی پێوەندی (بەیەکەوەبەستن)

(و and) وشەیەکی سەربەخۆیە و دەبێ سەربەخۆ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ و نەلکێندرێ بە وشەکانی پێش و پاشی خۆی.

بۆ نموونە دەبێ بنووسرێ:

(من و تۆ) نەک (منو تۆ) یان نەک (منو تۆ).

(سەر و ماڵ) نەک (سەرو ماڵ) یان نەک (سەروو ماڵ).

(هیوا و ئاوات) نەک (هیواو ئاوات).

سەرنج: نموونەکانی سەرەوە هەر کامەیان سێ وشەی جیاوازن و پێکەوە مانایەکی نوێ پێک ناهێنن و هەر بەتەنیا مانای خۆیان پاراستووە و جیاوازییان هەیە لەگەڵ وشەی لێکدراو کە لە خوارەوە باسیان دەکرێ.

***

١٦. (ی)ی پێوەندی

(ی)ی پێوەندی ئەو دەنگی (ی)یەیە کە دەکەوێتە نێوان دوو ناو، یان ناوێک و ئاوەڵناوێکەوە: مامۆستای قوتابخانە. کچی شۆخ.

کێشەکە لەوەدایە کاتێ وشەیەک خۆی بە (ی) کۆتایی بێت، وەکوو: (کوردی، ئیسلامی، کرماشانی، سنەیی، کۆیی)، هەندێ کەس ئیتر (ی)ی پێوەندییەکەیان لەبیر دەچێت بینووسن کە هەڵەیەکی گەورەیە. بۆ نموونە لە باتیی "یەکێتی نیشتمانی کوردستان" دەبێت بنووسرێت: "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان".

دەبێت وردبین بین و نەهێڵین (ی)ی پێوەندی بقرتێنرێت، لەم نموونانەی خوارەوەدا (ی)ی پێوەندی ڕەچاو کراون: داری سەوز، قوتابخانەی سەرەتاییی کچان، کۆماری ئیسلامیی ئێران، کرماشانیی دڵسۆز، پەپوولەی خۆشەویستیی من، کۆییی هونەرمەند، کاکەییی کوردپەروەر، زاراوەی هەورامیی کۆن.

***

١٧. پیتی (ت) لە کۆتاییی فرماندا

پیتی (ت) لە کۆتاییی فرماندا هەم دەتوانرێ بنووسرێ و هەمیش دەتوانرێ نەنووسرێت، وەکوو:

(دێ و دەڕوا) یان (دێت و دەڕوات).

(نان دەکا) یان (نان دەکات)

***

١٨. جێناوی لکاوی سێیەم کەس

جێناوی لکاو لە کاری (تێپەڕ / متعدی)دا:

لە زمانی کوردیدا هەندێک جێناومان هەیە، بۆ نموونە جێناوی لکاوی (...م، ...ت، ...ی / ...مان، ...تان، ...یان). ئەمانە لەگەڵ (کاری تێپەڕ / فعل متعدی)دا بەکار دەهێنرێن، وەک: (خواردن، بردن، نووسین، بڕین، دزین، کڕین، گۆڕین، پرسین).

نموونەی گەردانکردن:

خواردن؛ خواردم، خواردت، خواردی / خواردمان، خواردتان، خواردیان.

***

ئەگەر ڕەگی کردارەکە خۆی بە ...ی کۆتاییی هاتبێت کاتێک کە جێناوی لکاویان دەخرێتە سەر نابێتە ...ی بقرتێنرێت:

نووسین: نووسی: نووسیـ م نووسیـ ت، نووسیـ ی: نووسیم، نووسیت، نووسیی (نەک نووسی)

***

پرسین:

پرسی + م = پرسیم

پرسی + ت = پرسیت

پرسی + ی = پرسیی

دەبێت وا بنووسرێن: من پرسیم، تۆ پرسیت، ئەو پرسیی. (نەک ئەو پرسی).

نموونەی تر:

کاری تێپەڕ: (دزین، بڕین، کڕین، گۆڕین، نووسین)، کە لە سێیەم کەسی تاکدا دەبنە (ئەو دزیی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

هەروها: پرسییان (نەک پرسیان)

جێناوی لکاو لە کاری (تێنەپەڕ / لازم)دا:

بەڵام ئەگەر کردارەکە (کاری تێنەپەڕ / فعل لازم) بوو وەک (بارین، فڕین، خزین، وەرین، پژمین) ئەو کاتە لە دۆخی ڕابردوودا کەڵک لەم جێناوە لکاوانەی (...م، ...ی/یت، ... ـ / ...ین، ...ن، ...ن) وەردەگرین. ئەگەر ڕەگی کردارەکە بە ...یـ کۆتایی هاتبێت لە کاتی خستنەسەری ئەو جێناوانەدا نابێت ...یـ لەبیر بکرێت. نموونەی گەردانکراو:

فڕین؛ فڕیـ م = فڕیم = من فڕیم، فڕیـ ی = فڕیی = تۆ فڕییت، فڕیـ ـ = فڕی = ئەو فڕی.

تاک: فڕیم، فڕیی/فڕییت، فڕی.

کۆ: فڕیین، فڕین، فڕین.

*** نموونەی تر، پژمین بەپێی (...م، ...ی/یت، ... ـ / ...ین، ...ن، ...ن):

تاک: پژمین؛ پژمیـ ، پژمیم (من)، پژمیی/ پژمییت (تۆ)، پژمی (ئەو)

کۆ: پژمیین (ئێمە)، پژمیی/پژمییت (تۆ)، پژمین (ئێوە)، پژمین (ئەوان).

پرسین:

پرسی + م = پرسیم

پرسی + ت = پرسیت

پرسی + ی = پرسیی

دەبێت وا بنووسرێن: من پرسیم، تۆ پرسیت، ئەو پرسیی. (نەک ئەو پرسی).

نموونەی تر:

کاری تێپەڕ: (دزین، بڕین، کڕین، گۆڕین، نووسین)، کە لە سێیەم کەسی تاکدا دەبنە (ئەو دزیی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

هەروها لە دۆخی کۆی سێیەم کەسی کۆش هەر بە هەمان شێوەیە:

پرسـیـیان (نەک پرسیان)

گۆڕییان (نەک گۆڕیان)

دزییان (نەک دزیان)

١٩. جێناوی نیشانەی وەک (ئەم، ئەو، ئەڤ)

ئەگەر جێناوی نیشانە، ئاماژە بە کات (ڕۆژ، شەو، ساڵ) بکات، پێکەوە دەنووسرێن:

ئەمڕۆ، ئەمشەو، ئەمساڵ، ئەمجار

ئەمجار سەختتەرەن زامم جە جاران

چڵ مدۆ دایم چـــون گەستەی ماران

مەولەوی

بەڵام ئەگەر پاش کاتەکە پاشبەندی (ە، ی) بنووسرێ ئەوە جێناوەکە جیا دەبێتەوە:

ئەم جارە، نەک (ئەمجارە)

ڕاست:

نـەمردم مـن ئـەگـــەر ئەم جارە بێ تۆ

نەچم شەرت بێ هەتا ئەم خوارە بێ تۆ

نالی

هەڵە:

نـەمردم مـن ئـەگـــەر ئەمجارە بێ تۆ

نەچم شەرت بێ هەتا ئەمخوارە بێ تۆ

دروست:

ئەم ڕۆژی ساڵی تـــازەیـە نەورۆزە هاتەوە

جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

پیرەمێرد

هەڵە:

ئەمڕۆژی سـاڵی تـــازەیـە نەورۆزە هاتەوە

جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

***

٢٠. دووەدەنگە

دووەدەنگە یان دیفتۆنگ ئەو بزوێنانەن کە زایەڵەی دوو دەنگیان تێدایە. ئەمانە پێویست ناکات پیتی تایبەتییان بۆ دابنرێت و هەر بە شێوەی دووپیتی دەنووسرێن: "وێ"، "وی".

شـوێـن، نـوێــن، کــوێ، خــوێ، گــوێـلک، ســوێــند.

تەنانەت لە شێوەزاری کوردیی خواروو (کەلهوڕی، گۆرانی، لەکی، فەیلی)ش هەر بەو شێوەیە دەبێت بنووسرێت و پێویست ناکات پیتی جیاکاری بۆ دابنرێت:

بیستـویــن (بێستوون)، چــوی (چۆن)، زوی (زوو)، دوێــت/دویــەت (کچ)، خــویــن (خوێن).

تاقیکاری: فەرموو زانیارییەکانت لە "ئەلفبێ"دا تاقی بکەرەوە:

تاقیکاری لەسەر ئەلفبێی زمانی کوردی (http://diyako.yageyziman.com/2016/03/25/%D8%AA%D8%A7%D9%82%DB%8C%DA%A9%D8%A7%D8%B1%DB%8C%DB%8C-%D8%A6%DB%95%D9%84%D9%81%D8%A8%DB%8E/)

***

٢١. وشەی لێکدراو (مرکب)

هەندێ جار دوو یان چەند وشە، کە هەر کامەیان بۆ خۆی واتایەکی هەیە، پێکەوە کۆ دەبنەوە و سەرجەم واتایەکی نوێتر پێک دەهێنن، بەم متوربەبوونە دەڵێن (وشەی لێکدراو). وشەی لێکدراو دەبێ بلکێن بە یەکەوە و نابێ بەجیا بنووسرێن و، بە چەند شێوە پێک دێن:

١. بێ هیچ یارمەتییەک:

جاری وایە "وشەی لێکدراو"، بێ هیچ یارمەتییەک دروست دەبێت و تەنیا وشەکان پێکەوە دەلکێن:

ڕەش + ماڵ = ڕەش ماڵ، کە پێکەوە واتایەکی تر پێک دەهێنن و ئەو کاتە دەبێ پێکەوە بنووسرێن: ڕەشماڵ.

مارماسی، شاهەنگ، لێوئاڵ، ڕدێنسپی، شاژن، مەلاژن، چاوکوێر، باڵابەرز ...

مار + ماسی = مارماسی (نەک: مار ماسی)

شا + هەنگ = شاهەنگ (نەک: شا هەنگ)

نموونەی تر:

لێوئاڵ، ڕدێنسپی، شاژن، مەلاژن، چاوکوێر، باڵابەرز

٢. بە یارمەتیی پیتی (و):

جاری وایە "وشەی لێکدراو"، بە یارمەتیی پیتی (و) پێکەوە دەلکێن:

ئاڵ + و + گۆڕ = ئاڵوگۆڕ.

مشت + و + مڕ = مشتومڕ.

دەنگ + و + باس = دەنگوباس.

٣. بە یارمەتیی پیتی (ە):

جاری وایە "وشەی لێکدراو"، بە یارمەتیی پیتەبزوێنی (ە) پێکەوە دەلکێن:

بەرد + ە + قارەمان = بەردەقارەمان.

گوڵ + ە + گەنم = گوڵەگەنم.

بەرز + ە + فڕ = بەرزەفڕ.

ئاگر + ە + دیوار = ئاگرەدیوار.

نموونەی تری وشەی لێکدراو:

خۆترنجێنەر، خۆکوژ، بەردباران، کاروبار، ئەلفوبێ، هاتوچۆ، زانستپەروەر، زانستخواز، ئازادیخواز، وڵاتپارێز، سێشەممە، ڕاستەوخۆ، نیشتمانپەروەر، گوڵەگەنم، ڕێنووس، باوکمردوو، یەکگرتوو، ئاڵوگۆڕ، ڕۆژنامەنووس، هەواڵنێر، پەیامنێر، بەرزەفڕ، جەرگبڕ، مناڵپارێز، چەمچەماڵ، بێکەس، جێبەجێ، دەستبەجێ، کانیکەوە، هەڵگورد، تاقبۆستان (تاقۆسان)، ملهوڕ، تەختەکلیل، پاشبنەما، بنکەدراوە (databa)، بەستهێڵ (dash)، ڕوومێز (desktop)، زانیارینامە (encyclopedia)، ئاگرەدیوار.

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر چۆنێتیی چێکردنی وشەی لێکدراو تکایە چاو لەم بابەتە بکەن: وشەی لێکدراو (http://diyako.yageyziman.com/%D8%B2%D8%A7%D8%B1%D8%A7%D9%88%DB%95%D8%B3%D8%A7%D8%B2%DB%8C/#6)

***

٢٢. وشەی داڕێژراو

وشەی داڕێژراو بە وشەیەک دەوترێت کە لەگەڵ پێشگرێک یان پاشگرێک یان هەردووکیان وشەیەکی نوێتر پێک دەهێنن و پێکەوە دەنووسرێن، وەک:

لەگەڵ پێشگر: بەزات، بەهێز، تێچوون، بێکەس، هەڵکەندن، دابڕین

لەگەڵ پاشگر: خوێندنگە، بەرزایی، زستانێ، گوێچکە، وردەڵە

لەگەڵ پێشگر و پاشگر: بەجوانی، بێکەسی، بێبەشی،

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر وشەی داڕێژراو تکایە چاو لەم بابەتە بکە: ڕێبازی دارشتن
(http://diyako.yageyziman.com/%D8%B2%D8%A7%D8%B1%D8%A7%D9%88%DB%95
%D8%B3%D8%A7%D8%B2%DB%8C/#5)

***

٢٣. گیروگرفتی فرمانی لێکدراو (فعل مرکب compound verb)

فرمان یان کرداری لێکدراو، بەو کردارانە دەوترێن کە بە یارمەتیی ناو یان ئەوەڵناوێکی (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) لەگەڵ کردارێکدا چێ دەکرێن، بەتەنیا واتای خۆیان هەیە و پێکەوە کرداری لێکدراو چێ دەکەن، وەک:

(دەستبڕین، شەرمکردن، ملنان، سەرشکاندن، جێگەکردنەوە، ڕێگاگرتن، ماستاوکردن، سووربوون، نەخۆشکەوتن، سەرخۆشبوون، زینکردن، سوورکردن، ڕەشبوون، گەرمابوون، سەرمابوون، ناونان، نانخواردن).

ئەگەر لە دۆخی چاوگدا بن پێکەوە دەنووسرێن، وەک: شەڕکردن، کۆڵنەدان، خەباتکردن، تاڵانکردن، تێکدان، سەربڕین.

ئەگەر لە دۆخە جۆربەجۆرەکانی کردار (ڕانەبردوو، ڕابردووی سادە، ڕابردووی تەواو، ڕابردووی دوور) بن بەجیا دەنووسرێن:

نموونەی گەردانکردنی فرمان یان کرداری لێکدراو (فعل مرکب):

فرمانی لێکدراو لە دۆخی چاوگ (مصدر)دا پێکەوە دەنووسرێن: نانکردن. بەڵام لە دۆخەکانی تردا جیا دەکرێنەوە:

ڕانەبردووی بەردەوامی، تاک: نان دەکەم، نان دەکەیت نان دەکات.

ڕانەبردووی بەردەوامی، کۆ: نان دەکەین، نان دەکەن، نان دەکەن.

ڕابردووی سادە، تاک: نانم کرد، نانت کرد، نانی کرد.

ڕابردووی سادە، کۆ: نانمان کرد، نانتان کرد، نانیان کرد.

ڕابردووی سادەی بەردەوامی، تاک: نانم دەکرد، نانت دەکرد، نانی دەکرد.

ڕابردووی سادەی بەردەوامی، کۆ: نانمان دەکرد، نانتان دەکرد، نانیان دەکرد.

ڕابردووی دوور، تاک: نانم کردبوو، نانت کردبوو، نانی کردبوو.

ڕابردووی دوور، کۆ: نانمان کردبوو، نانتان کردبوو، نانیان کردبوو.

ئەگەر لە دۆخەکانی تردا بن هەروەکوو دۆخی چاوگ پێکەوە دەنووسرێن: پێکهاتن، پێکهاتوو، پێکهاتە، پێکهێنراو. سەرکەوتن، سەرکەوتوو.

***

٢٤. کرداری داڕێژراو

کردار یان فرمانی داڕێژراو بە یارمەتیی پێشگر یان پاشگر چێ دەبێت و باشترە لە پێشدا بە ناسینی جۆری پێشگرەکان دەست پێ بکەین و وردە وردە بچینە ناو باسەکەوە:

جۆرەکانی پێشگر

لە زمانی کوردیدا سێ جۆر پێشگرمان هەیە:

1. پێشگری سادە: (دا، ڕا، هەڵ، وەر، ڕێ، پێ، تێ، لێ، وێ، ڤێ، ڤە)
2. پێشگری ناسادە "١"، پێک هاتوون لە "پێشگری سادە + پۆستپۆزیشن": (پێدا، تێدا، پێوە، تێوە، پێڕا، تێڕا، لێڕا)
3. پێشگری ناسادە "٢"، پێک هاتوون لە "پریپۆزیشن + ژمارەی "یێک، یەک، ک": (پێک، تێک، لێک، وێک، ڕێک)

***

پێشگر لەگەڵ چاوگدا

پێشگرەکان کاتێک بچنە سەر چاوگ پێکەوە دەنووسرێن و کرداری داڕێژراو دروست دەکەن:

پێشگری سادە لەگەڵ چاوگ: داهێنان، ڕاکردن، هەڵخستن، ڕێگرتن، پێدان، تێخستن، لێوەشاندن، وێکەوتن،

پێشگری ناسادە لەگەڵ چاوگ، ١: پێدابردن، تێدابردن، تێوەگلاندن، پێڕاگەیاندن، تێڕاخستن، لێڕاهاتن.

پێشگری ناسادە لەگەڵ چاوگ، ٢: پێکهێنان، تێکنان، لێککردن، وێکچوون، ڕێکخستن.

کێشەی پێشگرەکانی (هەڵ، دا، ڕا، وەر، دەر)

ئەم پێشگرانە کاتێ دەچنە سەر چاوگ یان فرمان یان هەر شێوازێکی تر، پێیانەوە دەلکێن بەمەرجێ جێناوی لکاو نەکەوتبێتە نێوان پێشگر و وشەکەی دوای خۆیانەوە، وەک:

چاوگ:

**هەڵ:** هەڵکردن، هەڵگرتن، هەڵکورمان، هەڵکێشان، هەڵبڕین، هەڵخستن.

**دا:** دابڕان، داخستن، داڕمان، داگرتن، دکردن، دابەزین، داخورپان.

**ڕا:** ڕاگرتن، ڕاکێشان، ڕاپەڕین، ڕاخستن، ڕاگوێزان، ڕاگواستن.

**وەر:** وەرگرتن، وەرسووڕان، وەرگەڕان.

**دەر:** دەرکردن، دەرهێنان، دەربڕین، دەرخستن، دەرپەڕاندن.

فرمان:

**هەڵ:** هەڵگرە، هەڵخە، هەڵمەخە، هەڵکشێ.

**دا:** دانێ، دامەبڕە، دابەزێنە. داگرە.

**ڕا:** ڕاکێشە، ڕاپەڕێنە، ڕامەپەڕێنە. ڕاگرە.

**وەر:** وەرگرە، وەرسووڕێنە، وەرگەڕێ، وەرچەرخێ.

**دەر:** دەربێنە، دەرخە، دەرکە، دەرچۆ.

گەردانکردنی کرداری دارێژراو

کرداری دارێژراو ئەگەر بەو پێشگرە سادانە پێک هاتبن کە (ا، ە)یان تێدایە (دا، ڕا، هەڵ، دەر، وەر) لە دۆخی چاوگی و ئەمری و ڕانەبردوو و هەروەها لە دۆخی بەرکاریدا پێکەوە دەنووسرێن و لە دۆخەکانی تردا بەتایبەت کاتێک کە جێناوی لکاو دەکەوێتە نێوان وشەکانەوە، بەجیا دەنووسرێن:

1. دۆخی چاوگی: ڕاکردن
2. دۆخی ڕانەبردوو، پێکەوە دەنووسرێن: ڕاکردن: ڕادەکەم، ڕادەکەیت، ڕادەکات، / ڕادەکەین، ڕادەکەن، ڕادەکەن.
3. دۆخی ئەمری، پێکەوە دەنووسرێن: ڕاکردن: ڕاکە، ڕاکەن، داکە، داکەن، ڕاهێنە، ڕاهێنن. هەڵخە، هەڵخەن.
4. دۆخی ڕابردووی سادە، بەجیا دەنووسرێن: ڕاکردن: ڕام کرد، ڕات کرد، ڕای کرد، / ڕامان کرد، ڕاتان کرد. ڕا یان کرد.
5. دۆخی ڕابردووی تەواو، بەجیا دەنووسرێن: ڕاکردن: ڕام کردووە، ڕات کردووە، ڕای کردووە، / ڕامان کردووە، ڕاتان کردووە، ڕایان کردووە.
6. دۆخی ڕابردووی دوور، بەجیا دەنووسرێن. ڕاکردن: ڕام کردبوو، ڕات کردبوو، ڕای کردبوو، / ڕامان کردبوو، ڕاتان کردبوو، ڕایان کردبوو.
7. دۆخەکانی تر، پێکەوە دەنووسرێن: هەڵکشاو، هەڵخراو، هەڵنەکشاو، هەڵخزێنراو. دانراو، داسەپاو، دابڕاو. ڕاپەڕێنراو، ڕاپەڕیو، ڕاگوێزراو، ڕاکشاو. وەرگیراو، وەرگرتوو، وەرگرتە، وەرسووڕاو، وەرگێڕاو. دەرهێنراو، دەرخراو، دەرکراو، دەرچوو.

بەڵام جۆرەکانی تری پێشگری سادە بەجیا دەنووسرێن: (ڕێ، پێ، تێ، لێ، وێ، ڤێ)، نموونە:

8. . دۆخی چاوگی: ڕێکردن
9. دۆخی ڕانەبردوو، بەجیا دەنووسرێن: ڕێ دەکەم، ڕێ دەکەیت، ڕێ دەکات / ڕێ دەکەین، ڕێ دەکەن، ڕێ دەکەن.
10. دۆخی ئەمری، بەجیا دەنووسرێن: ڕێ کە/ڕی بکە، ڕێ کەن/ڕێ بکەن.
11. دۆخی ڕابردووی سادە، بەجیا دەنووسرێن: ڕێم کرد، ڕێت کرد، ڕێی کرد / ڕێمان کرد، ڕێتان کرد، ڕێیان کرد.
12. دۆخی ڕابردووی تەواو، بەجیا دەنووسرێن: ڕێم کردووە، ڕێت کردووە، ڕێی کردووە، / ڕێمان کردووە، ڕێتان کردووە، ڕێیان کردووە.
13. دۆخی ڕابردووی دوور، بەجیا دەنووسرێن: ڕێم کردبوو، ڕێت کردبوو، ڕێی کردبوو. / ڕێمان کردبوو، ڕێتان کردبوو، ڕێیان کردبوو.

تێبینی: نموونەی تر:

هەڵـمان گرت، هەڵـیان گرت.

هەڵمان مەگرە، هەڵیان مەگرە.

بەڵام پێشگری ناسادە لەگەڵ چاوگدا یەک بگرنەوە لە کاتی گەردانکردندا هەمیشە بەجیا دەنووسرێن:

1. دۆخی چاوگی: تێوەگلاندن، پێڕاگەیاند، لێککردن، پێکهێنان
2. دۆخی ڕانەبردوو، بەجیا دەنووسرێن: تێوە دەگلێنم، تێوە دەگلێنیت، تێوە دەگلێنێت، / تێوە دەگلێنین، تێوە دەگلێنن، تێوە دەگلێنن.
3. دۆخی ئەمری، بەجیا دەنووسرێن: تێوە گلێنە! تێوە گلێنن!
4. دۆخی ڕابردووی سادە، بەجیا دەنووسرێن: پێم ڕاگەیاند، پێت ڕاگەیاند، پێـی ڕاگەیاند، / پێمان ڕاگەیاند، پێتان ڕاگەیاند. پێیان ڕاگەیاند.
5. دۆخی ڕابردووی تەواو، بەجیا دەنووسرێن: لێکم کردووە، لێکت کردووە، لێکـــی کردووە، / لێکـمان کردووە، لێک تان کردووە، لێکیان کردووە.
6. دۆخی ڕابردووی دوور، بەجیا دەنووسرێن : پێکم هێنابوو، پێکت هێنابوو، پێکــی هێنابوو، پێکمان هێنابوو، پێکتان هێنابوو، پێکیان هێنابوو.

پێشگر و جێناوی لکاو و نموونەی تر

ئەگەر جێناوی لکاو (...م، ...ت، ...ی، ...مان، ...تان، ...یان) کەوتە نێوان پێشگر و فرمانەکەی دوای خۆی ئەوا بەجیا دەنووسرێن و جێناوەکە بە پێشگرەوە دەلکێنرێ:

هەڵ: هەڵـم گرن، هەڵـت گرن، هەڵیان کێشن، هەڵـمان مەواسن، هەڵـتان برن.

دا: دامان نەنایە، دایان خەن، دای برە.

ڕا: ڕایان دەگرن، ڕام کێشە، ڕاتان پەڕێنن، ڕاشیان پەڕێنن.

وەر: وەرمان گرتایە، وەری نەگری، وەریان سووڕێنە، وەرمان گەڕێنە.

دەر: دەریان پەڕاندین، دەری خە.

نموونەی تر لە کرداری داڕێژراو، ڕێکخستن:

ڕانەبردوو: ڕێک دەخەم ـ ڕێک دەخەی ـ ڕێک دەخات ـ ڕێک دەخەین ـ ڕێک دەخەن ـ ڕێک دەخەن.

ڕابردووی سادە: ڕێکم خست، ڕێکت خست ـ ڕێکی خست ـ ڕێکمان خست ـ ڕێکتان خست ـ ڕێکیان خست.

ڕابردووی تەواو: ڕێکم خستووە ـ ڕێکت خستووە ـ ڕێکی خستووە ـ ڕێکمان خستووە ـ ڕێکتان خستووە ـ ڕێکیان خستووە.

ڕابردووی دوور: ڕێکم خستبوو ـ ڕێکت خستبوو ـ ڕێکی خستبوو ـ ڕێکمان خستبوو ـ ڕێکتان خستبوو ـ ڕێکیان خستبوو.

جێناو لەگەڵ کرداری داڕێژراو و کرداری سادە

کاتێک جێناوی لکاو لە کرداری داڕێژراو دەرکەوێت، پێشگرەکە و وشەکە لێک جیا دەکاتەوە: هەڵگرتن: هەڵـم گرت (نەک هەڵمگرت).

کاتێک جێناوی لکاو لە کرداری سادە دەربکەوێت کردارە سادەکە لێک جیا ناکاتەوە: گرتن: دەمـگرت (نەک: دەم گرت).

کرداری داڕێژراو: هەڵگرتن، چونکە (هەڵم گرت) پێک هاتووە لە پێشگری (هەڵ) و جێناوی لکاوی (م) و ڕەگی گرتن (گرت).

کرداری سادە: گرتن، بەڵام (دەمگرت) پێک هاتووە لە فۆنیمی (دە) و جێناوی لکاوی (م) و ڕەگی گرتن (گرت).

کرداری لێکدراو: نانخواردن: نانم دەخوارد، نانت دەخوارد، نانی دەخوارد / نانمان دەخوارد، نانتان دەخوارد، نانیان دەخوارد.

کرداری سادە: خواردن: دەمخوارد، دەتخوارد، دەیخوارد / دەمانخوارد، دەتانخوارد، دەیانخوارد.




(http://diyako.yageyziman.com/wp-content/uploads/2016/03/sade_darijaw.jpg)

***

* ئاوڕدانەوەیەکی خێرا

چۆنێتیی نووسینی ئەو وشانەی کە لە چەند بەش پێک هاتوون:

١. یەکبەشی: کار

٢. دووبەشی: **کار** + **کردن**، پێکەوە دەنووسرێت: **کارکردن، نانکردن.**

٣. سێبەشی: **کار** + **تێ** + **کردن**، پێکەوە دەنووسرێت: **کارتێکردن.**

تێبینی: ئەگەر کۆتاییی وشەی یەکەم پیتەلکاوبێت دەتوانیت بە دوو شێوەی لکاو یان نەلکاو بینووسیت:

دەسـت تێخستن / دەستتێخستن

دەسـت لێدان / دەستلێدان

بەڵام باشترە هەر پێکەوە بنووسرێن: ماڵوێرانکردن، کارتێکردن،

٤. چواربەشی: **پێ + لێ + هەڵ + گرتن**، دوو وشەی یەکەم بەجیا دەنووسرێن و دوو وشەی کۆتایی پێکەوە دەنووسرێن:

پێ لێ هەڵگرتن

گەردانکراو: پێی لێ هەڵگرت، پێی لێ هەڵمەگرە، پێمان لێ هەڵگرتووە، کاری تێ کرد، دەستی لێ هەڵگرت، دەستی لێ دا، دەستی لێ دەدەین، نانی کرد، نان دەکەین، کاری تێ کرد.

***

٢٥. پریپۆزیشن (preposition)

ئامرازی پێوەندی (حروف اضافه ـ حرف جر) لە زمانی کوردیدا جاری وایە لە ڕستەدا تەنیا دەردەکەون و پێیان دەوترێت "پێشبەند":

گۆران دەچێت بۆ کرماشان.

لێرەدا بۆ پێشبەندێکە کە پێش ناوی کرماشان کەوتووە.

کۆسار بە فڕۆکە فڕی بۆ کوردستان.

لێرەدا بە پێشبەندێکە کە پێش ناوی فڕۆکە کەوتووە، هەروەها بۆ پێشبەندێکە کە پێش ناوی کرماشان کەوتووە.

ئەو جۆرە پێشبەندانە پێیان دەوترێت پێشبەندی نەلکاو یان پێشبەندی سەربەخۆ. پێشبەندی سەربەخۆ لە ڕستەدا سەربەخۆ دەنوسرێت و نالکێت بە وشەی پێش یان پاش خۆیەوە.

جاری وایە ئەم پێشبەندانە لەگەڵ پاشبەندێکدا دەکەونە ئەملا و ئەولای وشەیەکەوە، وەکوو:

(لە سلێمانی دا)،

ئەو کاتە بەم دووانە دەوترێت: "دەوربەند" (circumposition)، چونکە ئەملا و ئەولای وشە دەگرن.

ئەم دیاردەیە لە زمانێکەوە بۆ زمانێک جیاوازیی هەیە، زمانی وا هەیە لابەندیان هەر نییە یان زۆر کەم هەیانە. بۆ نموونە فارسی، بەڵام لە زمانی تری وەکوو کوردی، پەشتوو و ئینگلیزی بە شێوازی تایبەت بە خۆیان لابەندیان هەیە.

لە زمانی کوردیدا چەند جۆرێک لابەندمان هەیە:

1. لە ...دا
2. لە ...وە
3. لە ...ەوە
4. لە ...ێ
5. لە ...ڕا
6. بە ...ەوە

لەم دۆخانەدا پێشبەندەکان بە سەربەخۆ دەنووسرێن و پاشبەندەکان دەلکێن بە وشەکانی پێشیانەوە وەکوو:

لە کوردستانـدا

لە کرماشانـەوە

لە کوێـوە

لە تارانـــێ

لە کوێـڕا

بە ئاسمانـەوە

تێبینی:

پاشبەندەکان پێیان دەوترێت پاشبەندی لکاو.

لە کرمانجیدا کە بە ئەلفبێی لاتینی دەنووسن، هەم پێشبەندەکان و هەمیش پاشبەندەکان بەجیا دەنووسن، بەڵام بەم ئەلفبێی کوردی عەرەبییە ئەگەر جیا بکرێنەوە وشەکان سەیروسەمەرە دەردەچن بۆ نموونە ناکرێت بنووسین:

لە کوێ وە هاتووی؟ لە تاران ێ هاتووم.

بۆیە پێشبەندەکان بە سەربەخۆ دەنووسین و پاشبەندەکان دەلکێنین بە وشەی پێشیانەوە:

لە پۆلـدا وانە دەوترێتەوە. نەک: (لە پۆل دا وانە دەوترێتەوە.)

لە ماڵـدا، نەک: (لە ماڵ دا)

دەوربەندەکان مەرج نییە کە تەنیا دەوری یەک وشە بگرن بەڵکوو جاری وای دەکەونە ئەملا و ئەولای چەند وشەوە، وەکوو:

"نالی" کە غوڵامی مەدەدی زوڵف و بڕۆتە

شاهێکە لە بن سایەیی باڵی دوو هۆمادا

***

جاری وایە ڕابردووی وشەی "دان، داین" دەبێتە "دا" نابێت لەگەڵ پاشبەندی "دا"دا تێکەڵ بکرێت.

نامەکەم پێ دا. (نەک: نامەکەم پێدا)

دەستی لێ دا. (نەک: دەستی لێدا)

***

٢٦. کێشەی پێشگری پێ، تێ، لێ لە گەردانکردندا

کاتێک ئەم پێشگرانە دەنووسێن بە کردارێک و کرداری داڕێژراو دروست دەکەن لە کاتی گەردانکردندا بەجیا دەنووسرێن و نابێت بلکێن بە وشەی ترەوە،

نموونە:

پێ: پێمان

پارەم پێ نامێنێت (نەک: پارەم پێنامێنێت). پارەتان پێ نەماوە (نەک: پارەتان پێنەماوە).

پارەم پێ ما. (نەک: پارەم پێما).

چێشتەکەم پێ گەیاند. (نەک: چێشتەکەم پێگەیاند).

قسەیان پێ بڕیم. (نەک: قسەیان پێبڕیم).

تێ:

دەستی تێ خست. (نەک: دەستی تێخست.)

لێ:

دەستم لێ دا. (نەک: دەستم لێدا.)، واتە: دەستم لە ئەو/ ئەوە دا. کەس نانووسێت دەستم لە ئەودا / لە ئەوەدا. هەر بۆیە دەبێت بنووسین: دەستم لێ دا. (لێ = لە ئەو / لە ئەوە)

ئەمە لە ئینگلیزیشدا بەجیا دەنووسرێت: I touched him.

دەستیان لێ وەشاند. (نەک: دەستیان لێوەشاند.)

دەنگی لێ هەڵبڕی. (نەک: دەنگی لێهەڵبڕی.)

بەڵام دەلکێنرێن بە جێناوی لکاوەوە:

پێم وت.

پێیان وت.

لێی دا.

لێم سەند.

***

٢٧. کێشەی (لە)

(لە)، هەندێ جار سەربەخۆ دەنووسرێت: "شۆڕش لە کوردستاندا گەرمە."

هەندێ جار دەلکێ بە وشەکەی پاشیەوە و وشەیەکی لێکدراو پێک دێنێ: (لەگەڵ with)، (لەسەر on)، (لەژێر under). لەو دۆخانەدا نابێ بە دوو وشە جیا کرێنەوە و بنووسرێ: (لە گەڵ، لە سەر، لە ژێر).

(لە)، هەندێ جار لەگەڵ (ئەوێ) و (ئێرە) کۆ دەبێتەوە و ئەو کاتە، (ئە) و (ە ئـ) دەقرتێنرێن:

لە ئەوێ = لەوێ.

لە ئێرە = لێرە

***

٢٨. کێشەی (بێ) یان (بەبێ)

لێرەدا دەمانەوێ بەراوردکارییەک لەگەڵ زمانە ئەورووپییەکاندا بکەین، بۆ ئەو مەبەستە باشترە بە نموونەیەک دەست پێ بکەین:

جیاوازیی (بێکار) لەگەڵ (بێ کار) لە چیدایە؟ لکاندن یان نەلکاندنی (بێ) بە وشەکەی پاشی خۆیەوە بەتەواوی واتای وشەکە دەگۆڕێ:

ئەو پیاوە دوو ساڵ بێکار بوو.

بێ کار ژیان ئەستەمە. دەکرێ ئاواش بینووسینەوە: بەبێ کار ژیان ئەستەمە.

هەر کاتێ ناوێکت هەبوو و خاوەنێتییەکی لێ سەندرابێتەوە (بێ) دەلکێنین بە سەرەتای وشەکەوە:

بێباوک، بێخانوو، بێکەس، بێوڵات، بێنیشتمان، بێپارە، بێتام:

واتە: کەسێ کە باوکی نییە. کەسێ کە خانووی نییە و هتد.

ئەم مەبەستە، لە زمانە ئەورووپییەکاندا، زۆر جار بە پاشکۆیەک کە دەلکێ بە وشەکەوە دیاری دەکرێت:

بێخانوو = homeless

بێتام، بێچێژ = tasteless

(بێ…) = (…less)

کە جیاوازیی هەیە لەگەڵ (without):

(بێ، بەبێ) = (without)

بێ (بەبێ) تۆ ناچم بۆ ئەوێ = I do not go there without you

***

٢٩. کێشەی ئامرازی (تر) و وشەی (تر)

ئامرازی بەراوردکردن (تر، ترین) دەبێت بلکێن بە وشەکانی پێشیانەوە، وەکوو:

جوان، جوانتر، جوانترین

گەرم، گەرمتر، گەرمترین

وشەی (تر) بە واتای (دی، دیکە)

وشەی (تر) وشەیەکی سەربەخۆیە و دەبێت بەجیا بنووسرێت:

کابرایەکی تر، شەوێکی تر، نووسەرێکی تر.

***

٣٠. ئاوەڵکار (قید)

کاتێ وشەیەک چۆنێتیی (کار، فرمان، کردار = فعل)ێک ڕوون کاتەوە پێی دەوترێ ئاوەڵکار (قید). نموونە:

ئاسۆ بەخێرایی قسەی دەکرد. (چۆن قسەی کرد؟ "بەخێرایی")

سۆما بەتووڕەیی وەڵامی دایەوە. (چۆن وەڵامی دایەوە؟ "بەتووڕەیی")

لانە بەئەسپایی هاتەوە. (چۆن هاتەوە؟ "بەئەسپایی).

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجڕکێشانە، ئەوەیە کە "بە" دەلکێت بە ئاوەڵناوەکەی پاشیەوە و، نابێت لێک دوور بخرێنەوە.

نموونەی تر:

بەجوانی، بەشادی، بەبەرزی، بەهێواشی، بەتوندی.

ئەم شێوازە لە زمانی ئینگلیزیدا (ly) دەگرێت و لەو زمانەشدا دەنووسێت بە ئاوەڵناوەکەوە: (بەسەختی hardly)، نەک (بە سەختی hard ly).

(بە) کاتێک واتای سەربەخۆی هەبێت بەجیا دەنووسرێت:

بە ئوتۆمبیلەکەم ڕۆیشتم.

***

٣١. وشەی بیانی

هەر وشەیەکی بیانی هاتبێتە ناو کوردییەوە دەبێ بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێت یان ئەگەر پێویست بوو وەکوو خۆی بنووسرێتەوە دەبێ بخرێتە ناو دوو کەوانەوە (...).

ئەڵڵا، قەڵەم، ئەکبەر.

لە زمانی کوردیدا بە (مذهب) دەڵێن "ڕێباز".

***

٣٢. خاڵبەندی

خاڵبەندی بەشێکی گرنگە لە ڕێنووسی زمانێکدا، ئەو بابەتە بەجیا لێرە چاوی لێ بکەن: (خاڵبەندی (http://diyako.yageyziman.com/%D8%AE%D8%A7%DA%B5%D8%A8%DB%95%D9%86%D8%AF%DB%8C/)) .

٣٣. تەختەکلیلی ستانداردی کوردی

بۆ نووسین بە کوردی تەنیا کەڵک لە تەختەکلیلێک وەربگرن کە لەلایەن گرووپەکانی زانستپەروەرانی کورد، کوردئایتیگرووپ، چاوگ، فەرمانگەی ئایتیی کوردستان، ئەکادیمیای کوردی، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی ناسێنراوە، هەر ئەوەش لە سیستەمەکانی مایکرۆسۆفت و ئوبونتوو و هتد جێگیر کراوە. لە هەندێک لەم شوێنانەدا دەتوانن تەختەکلیلی کوردی دابگرن:

١. فەرمانگەی ئایتیی کوردستان (http://unicode.ekrg.org/download.html) (تەختەکلیلی ستاندارد بە ڕیزبوونی ئینگلیزی یان عەرەبی)

٢. کوردئایتیگرووپ (http://www.kurditgroup.org/downloads) (تەختەکلیلی ستاندارد + فۆنت)

٣. چاوگ (http://chawg.org/wiki/Chawg_Keyboard_Layouts) (تەختەکلیلی ستاندارد)

٤ وێبچن (https://www.webchin.org/) (بۆ ڕاژە لە بواری وێب)

٥. زانستپەروەرانی کورد (http://www.zkurd.org/) (بۆ ڕاژە لە بواری ئایتی)

***

٣٤. تێبینی و ژێدەر

لە سەردەمێکدا کە ئایتی و یونیکۆد و زمان پێکەوە بەردەوام لە گۆڕاندان و زمان پێی ناوەتە قۆناغی دیجیتالییەوە و بە کرتەیەک زمانێک وەردەگێڕدرێتە سەر زمانەکانی ترەوە، گرنگە ڕێنووسی کوردیش خۆی لەگەڵ ئەوانەدا بگونجێنێت.

بۆ ئامادەکردنی ئەم خاڵانە گرنگی دراوە بە بڕیارەکانی "ئەکادیمیای کوردی (http://www.kurdish-academy.com/)" لەسەر ڕێنووس: "١ (http://www.yageyziman.com/pdfekan/Renusi_Kurdi_Akadimyay_Kurdi_2004.pdf)"، "٢ (http://www.yageyziman.com/pdfekan/Renusi_Kurdi_Akadimyay_Kurdi_2010.pdf)" و بڕیارەکانی (http://unicode.ekrg.org/download.html) "فەرمانگەی تەکنۆلۆجیای زانیاری (https://dit.gov.krd/ku/index/)" لە کوردستان و گرووپە ئایتییەکانی وەک زانستپەوەرانی کورد (http://www.zkurd.org/)، کوردئایتیگرووپ (http://www.kurditgroup.org/)، چاوگ (http://chawg.org/wiki/%D8%AF%DB%95%D8%B3%D8%AA%D9%BE%DB%8E%DA%A9%D8%B1%D8%AF%D9%86) و، ڕەوتی چێبوونی تەختەکلیلی کوردی (http://unicode.ekrg.org/gishtandin.html) لەسەر بنەمای یونیکۆد و کاری زمانەوانانی تریش. بۆ ئەوەی نەهێڵین زمانەکەمان لە شوێنی خۆیدا قەتیس بمێنێت بەردەوام لەسەر ڕێنووس کار دەکەین.

1. ڕێنووسی یەگرتووی زمانی کوردی، بەدران حەبیب، ئەکادیمیای کوردی، ٢٠٠٤ (http://www.yageyziman.com/pdfekan/Renusi_Kurdi_Akadimyay_Kurdi_2004.pdf/)
2. هەوڵۆچکەیەکی تری، بەرەو ڕاستە ڕێیەکی ڕێنووسی زمانەکەمان، ئەکادیمیای کوردی، ٢٠١٠ (http://www.yageyziman.com/pdfekan/Renusi_Kurdi_Akadimyay_Kurdi_2010.pdf)
3. پتر لە (٤٠) خاڵ کە زیاترین هەڵەی ڕێنووسییان تێدا دەکرێت دەق. (http://diyako.yageyziman.com/2016/04/03/%D9%BE%D8%AA%D8%B1-%D9%84%DB%95-%D9%A4%D9%A0-%D8%AE%D8%A7%DA%B5-%D8%A8%DB%86-%DA%95%DB%8E%D9%86%D9%88%D9%88%D8%B3%DB%8E%DA%A9%DB%8C-%D8%A8%DB%8E%D9%87%DB%95%DA%B5%DB%95/)
4. پتر لە ٤٠ خاڵ کە زیاترین هەڵەی ڕێنووسییان تێدا دەکرێت: ڤیدیۆ (https://www.youtube.com/watch?v=8WB0ur32F1o/)

5. رێنووسی زمانی کوردی، زانستپەروەرانی کورد، یاگەی زمانی کوردی، فێرگەی زمانی کوردی (http://diyako.yageyziman.com/wp-content/uploads/2016/02/%DA%95%DB%8E%D9%86%D9%88%D9%88%D8%B3%DB%8C-%D8%B2%D9%85%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D9%83%D9%88%D8%B1%D8%AF%DB%8C.pdf)
6. رێنووسی زمانی کوردی، دیاکۆ، پی‌دی‌ئێف (http://diyako.yageyziman.com/wp-content/uploads/2016/03/Renusi_Zimani_Kurdi_Diyako.pdf/)
7. کێشەی نووسینی بزوێنی (اَ) لە زمانی کوردیدا، دیاکۆ هاشمی (http://www.yageyziman.com/pdfs/keshey_bizweni_i.pdf/)
8. (ک) یان (ك)؟، دیاکۆ هاشمی (http://diyako.yageyziman.com/2016/03/20/973/)
9. رێنووس بە ڤیدیۆ (https://www.youtube.com/playlist?list=PLkyIXgquYOI2fdrVnTHxIy3JybUTUwdrs/)

کۆتایی

---

Theme by Tyler Moore (http://tyler.com)

http://diyako.yageyziman.com/%d9%86%d8%a7) ناوی کوردی
(/%d9%88%db%8c-%da%a9%d9%88%d8%b1%d8%af%db%8c
http://diyako.yageyziman.com/%d8%ac%db%86%d8%b1) جۆربەجۆر
(/%d8%a8%db%95%d8%ac%db%86%d8%b1
http://diyako.yageyziman.com/%d8%aa%d8%a7%d9%82) تاقیکاری
(/%db%8c%da%a9%d8%a7%d8%b1%db%8c
Glossary (http://diyako.yageyziman.com/glossary/)